# دنیای منداڵان

٧

پاشکۆی کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٣٥٧، ٣٠ی بەفرانباری ١٣٨١ (٢٠ی ژانویەی ٢٠٠٣)




## چەند قسەیەك لەگەڵ یەك دا

خونچە گوڵەکان ئەو کاتەتان باش!

رۆژی چوارشەممە ٤ی بەفرانبار رێورەسمێکی زۆر خۆش لە سالۆنی گشتیی قەلا بەرێوەچوو. لەو رێورەسمەدا کە یەکیەتیی لاوانی دێموکرات ـ ناوەندی ٢ ، پێکیان هێنابوو، منداڵانیش هەم تێیدا بەشدار بوون و هەم دەوری باشیان تێیدا گێرا. پۆلێك منداڵی چاوگەش و رەزاسووك بە پێشکەش کردنی سروودی "خوایە وەتەن ئاوا کەی، چەند دلگیر و شیرینە"، گەرمی یەکی بێوێنەیان بە رێورەسمەکە بەخشی. دیاربوو کە منداڵەکان بۆ ئەم کارە زەحمەتی زۆریان کێشابوو. ئێمەش لێرەدا ماندوونەبوونی و دەستخۆشانەیان پێ دەڵێین و داوا لە هەموو منداڵەکان دەکەین لە بۆنە و رێورەسمەکاندا بەشداری بکەن. ئێوە ئامادەیی خۆتان دەربڕن، گەورەکانیش بە دڵنیایی یەوە یارمەتیتان دەدەن.

ئازیزان، لە ماوەی ئەو حەوتوویەدا چەندین نامەمان لەلایەن ئێوە بۆ هاتوە کە تێیاندا گلەییتان کردوە بۆچی بەرهەمەکانمان بڵاو نەبۆتەوە. ئێمەش دەڵێین: بەشێك لەو ئازیزانە



بەرهەمەکانیان پێشتر بڵاو ببوونەوە. جابۆیە داواتان لێ دەکەین بەرهەمێك کە چاپ و بڵاو بۆتەوە، بۆمانی مەنێرن. هەروەها لە ناردنی ئەو بەرهەمانەی وا نی خۆتان نین خۆ بپارێزن، یان ئەگەریش ناردتان ناوی سەرچاوەکەیتان لە بیر نەچێ. نامەو بەرهەمیشمان زۆر پێدەگا جا ئەگەر بەزوویی بڵاو نەبوونەوە، دڵەند مەبن. چاوەڕوان بن حەتمەن بەنۆرەو لە ژمارەکانی داهاتووی "دنیای منداڵان"دا بڵاو دەبنەوە. بەڵام ئازیزان پێوەندی و هاورێیەتیمان با هەر بەردەوام بێ.

---

## تاڤگەی شەلماش

منداڵە خۆشەویستەکان!

ئەگەر لە بیرتان مابێ لە ژمارەی پێشووی دنیای بێگەردی خۆتاندا واتە "دنیای منداڵان" بەڵێنیمان پێدان تا هەر جارێك شوێن یان شوێنەوارێکی نیشتمانە دڵگیرەکەمان،



کوردستانتان پێ بناسێنین. وا ئەمجارە لەگەڵ خۆمان دەتانبەینە نزیك شارە رازاوەکەی سەردەشت و دەچینە سەیری تاڤگەی شەلماش.

تاڤگەی شەلماش لە نزیك شاری سەردەشت لە پەنا شیوو دۆڵێکی یەکجار دڵرفێن و سەر سەوز هەڵکەوتووە. ئەو تاڤگەیە بە بێ ئەملا و ئەولا یەکێك لە جوانترین دیمەنە سروشتی یەکانی ناوچەو کوردستانە. تاڤگەی شەلماش کە لە درێژایی چۆمی زێی بچووکدا هەڵکەوتوە، بەدوای تێپەڕکردنی سێ قات، دەڕژێتە شیوێکەوە.

دەنگی خوڕەی ئاو کە لەو بەرزایی یە دەڕژێتە خوار، موسیقای ژیان و ئەوینمان پێ دەبەخشێ و وێنەی جوانترین دیمەنی سروشتمان لە یاددا تۆمار دەکا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




هەبوو نەبوو، لە ساڵانی قەدیم شایەك لە وڵاتی ئێران دەژیا، نەخۆش بوو، دوکتۆران پێیان گوتبوو دەبێ گۆشتی شای ماسیان بخوات تا چاك بێتەوە. بۆ گرتنی شای ماسیان چل سەرباز دیاری کرا. رۆژێکی عەسر ٣٩ سەرباز لە دەریا هاتنە دەرەوە، بەڵام چلەمین کەس نەهاتبوو. دوای ماوەیەك ئەویش لە ئاوەکە هاتە دەرەوە بە دەستی پڕ. شای ماسیانی هێنابوو.

ئەو پاشایە کوڕێکی هەبوو ناوی میرجەمشید بوو کە لە ئازایەتی‌دا کەسی وەك خۆی نەبوو. میر جەمشید کاتێك ماسی‌یەکەی بینی، زۆر ماسی‌یەکەی پێ جوان بوو و گوتی: بە داخەوە ئەمە شای ماسیان نیەو ماسی‌یەکەی خستەوە نێو ئاوەکەوە. باوکی لێی تووڕە بوو و لە شارەکەی دەری کرد.

میر جەمشید رێگای بیابانی گرتە بەرو لەسەر رێگاکەی‌دا گەیشتە سەر چاڵێك، لە ناو چاڵەکە گوێی لە دەنگێك بوو، دوای ماوەیەك بینی پیاوێك لە ناو چاڵەکە هاتە دەرەوە. میر جەمشید ئەم رووداوەی زۆر پێ سەیر بوو کە ئەم پیاوە پیرە لەم چاڵەدا چی دەکا. میر جەمشید گوتی: باوکە

پیاوە پیرەکە گوتی: بە من مەڵێ باوکە

دوای ئاشنا بوونیان پیاوە پیرە لەگەڵ میرجەمشید پەیمانی برایەتی بەست‌و سوێندیان خوارد کە هیچ کاتێك لە یەکتر جیا نەبنەوە. کاتێ کە گەیشتنەوە کۆشك، پیاوە پیرەکە میرجەمشیدی بردە کۆشکەکەو گوتی: ئەی برا ئەمە ماڵی منەو تۆ دەبێ لەم ماڵەدا بیت‌و من دوای کار دەکەوم. لەو رۆژە بەدواوە ژیانی میرجەمشیدو براکەی زۆر خۆش بوو. رۆژێك پیاوە پیرەکە بینی براکەی رۆژ بە رۆژ دەم‌وچاوی زیاتر زەرد هەڵدەگەڕێ، هەر بۆیە راستی‌یەکەی لێ پرسی.

میرجەمشید گوتی: بڵێم چی براگیان، من حەز لە کچێك دەکەم، بەڵام دەڵێن ئەم کچە جادوو کراوە، تا ئێستاش زۆر کەس لەگەڵ ئەم کچە زەماوەندیان کردوە بەڵام شەوی زەماوەند مردوون.

پیاوە پیرەکە کەمێك بیری کردەوەو گوتی: ئەمرۆ من دەچم کەمێك پووڵ‌و ئاڵتوون دێنم. پێشەکی‌یەکانی زەماوەندی تۆو ئەو دابین دەکەم. رۆیشت بۆ ناو ئەو چاڵەی کە میرجەمشید لێی دیبوو تا گەیشتە سەر چاڵەکەو رۆیشتە ناو چاڵەکە. کە رۆژ ئاوا بوو لە چاڵەکە هاتە دەر، حەوت وشتر کە باری هەموویان ئاڵتوون بوو لە چاڵەکە هاتنە دەرەوەو بۆ شار رۆیشتنەوە.



لە شار میرجەمشید زۆری پێ سەیر بوو کە ئەو بارانەی بینی‌و بە براکەی گوت: براکەم ئەمانەت لە کوێ هێناوە.

پیاوە پیرەکە گوتی: براکەم من لە بیابان پارەو پووڵێکی زۆرم هەبوو، چووم هێنام تا تۆ بتوانی زەماوەند بکەی. دوای ئەوەی پێشەکی‌یەکانی زەماوەندیان ئامادە کرد، کچەکەی بۆ میرجەمشید خواست. دایك‌و باوکی کچەکە رازی بوون‌و زەماوەند دەستی پێ کردو شەوی زەماوەند کاتێك میرجەمشید دەیویست بچێت بۆ دیوەخان، پیاوە پیرەکە گوتی: ئەگەر ئیجازە بدەی من لەگەڵ بووك کارێکم هەیەو پاشان چوو بۆ دیوەخان.

دوای ماوەیە پیاوە پیرەکە هاتە دەر. میرجەمشید بینی خوێن لە جلەکانی پیاوە پیرەکە دەچۆڕێت، ترساو چووە پێشەوە، پیاوە پیرەکە دەستی میرجەمشیدی گرت‌و چوونە ژوورەوە.

لە زەمانی قەدیم دەبوو زاوا لە حەوت دەرگا تێپەڕێت تا بگاتە دیوەخان. میرجەمشید کاتێك دەرگای یەکەمی کردەوە بینی گورگێك بۆتە دوو لەت‌و لەوێ کەوتبوو. لە دەرگای دووهەم شێرێکی مێیە ببوو بە دوو لەت‌و لەوێ کەوتبوو. لە دەرگای سێهەم شێرێکی نێری بینی، لە دەرگای چوارەم پڵنگێکی بینی، لە دەرگای پێنجەم بەبرێکی بینی، لە دەرگای شەشەم مارێکی کۆبرای بینی‌و لە دەرگای حەوتەم هەژدیهایەکی بینی کە ببوە دوو لەت‌و لەتێکی لەم بەری دەرگاکەو لایەکی‌تری لەو بەری دەرگاکە بوو. میرجەمشید رووداوەکەی لە براکەی پرسی‌و براکەی رووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.

بەیانی ئەو شەوە میرجەمشید بە براکەی گوت: ئەی براکەم من ساڵانێکە کە لە دایك‌و باوکم دوورم، ئێستا دەمەوێ بچم سەردانیان بکەم. پیاوە پیرەکە رازی بوو، باری سەفەریان بەست‌و رۆیشتن تا گەیشتنە سەر چاڵەکە.

پیاوە پیرەکە گوتی: براگیان تۆ ژنەکەت دەوێ یان ئەم سەروەت‌و سامانە.

میرجەمشید گوتی: ئەی برا من ئەگەر ئەم سەروەت‌و سامانە بەرمەوە، باوکم دەڵێ بەم هەموو سەروەت‌و سامانە نەتتوانیوە ژن بێنی بۆ خۆت.

پیاوە پیرەکە گوتی: هەم سەروەت‌و هەم ژنەکە بۆ خۆت.

دوایی پیاوە پیرەکە گوتی: ئەی برا کاتێك دەگەڕێتەوە شاری خۆت، لە دووری تۆ باوکت کوێر بووە. ئەو دارەی دەیبینی لە پێستی ئەو کەمێك لە چاوی باوکت بدەو کەمێکیش بە قاچیا بسوو، باوکت گەنج دەبێتەوە.

دوایی ئەوەی خواحافیزییان لە یەکتر کرد پیاوە پیرەکە چووە ناو چاڵەکە.

میرجەمشیدیش لەگەڵ ژنەکەی رێگایان گرتە بەرو لە پڕ بیری هاتەوە کە ناوی براکەی نەپرسیوە. بە ژنەکەی گوت: تۆ لێرە بێستە تا دەچم ناوی براکەم دەپرسم. گەڕایەوە سەر چاڵەکەو براکەی بانگ کردو براکەی لە ناو چاڵەکە وەڵامی دایەوە. دوای ماوەیەك پیاوە پیرەکە لە چاڵەکە هاتە دەرەوەو گوتی دەڵێی چی براکەم.

میرجەمشید گوتی: ئەی براکەم نەمزانی تۆ کێی دەرحەقی من ئەم هەموو چاکەیەت کرد. پیاوە پیرەکە گوتی: من ئەو شای ماسیانەم کە تۆ منت لە دەریا رەها کردو ئەم رۆژەت بەسەر خۆتدا هێنا. منیش بەڵێنم دا کە تۆ خۆشبەخت بکەم‌و توانیم.

دوایی خواحافیزییان لە یەکتر کردو پیاوە پیرەکە چووە ناو چاڵەکە. میرجەمشید بەرەو شارەکەی خۆیان وەڕێ کەوت، لەگەڵ ژنەکە چوونە لای باوکی، بینی باوکی کوێر بووەو دایکیشی مردووە.

پێستی دارەکەی بە چاو و قاچی باوکی‌دا مالی. باوکی هەم بینا بۆوەو هەم گەنج بۆوە. لەگەڵ کوڕەکەی یەکتریان ماچ کردو داوای بەخشینی کردو پاشانیش لە پاشایەتی کشایەوە. میرجەمشید بە پاشایی گەیشت‌و ژیانێکی خۆشی لەگەڵ ژنەکەی بەسەر برد.

**وەرگێڕانی لە فارسی‌یەوە: رۆژە عەزیزی**

**سەرچاوە: کتێبی "٢٤ داستان شیرین"**

**ئەو نەققاشی‌و بابەتانەی هی خودی منداڵان نەبن، لەمەودوا بڵاو نابنەوە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کەر و گا

وەرزێڕێك کەرێك‌و گایەکی‌هەبوو.

وەرزێڕەکە هەرکاتێ پێی خۆش بوایە سواری پشتی کەرەکەی دەبوو و دەڕۆیشت بۆ بازاڕی شار. گایەکەشی هەموو ڕۆژێ دەبرد بۆ سەر زەوییەکەی بۆ جووت کردن.

ڕۆژێك لە ڕۆژان گایەکە بە کەرەکە دەڵێ: ئەمن ئەوندە ماندوو بووم‌و کارم کردووە وەڕەز بووم.

کەرەکە وەڵامی داوەو گوتی: ڕەفیق گیان خۆت نەخۆش بکەو گیایەکەت مەخۆ، کە وەرزێڕ هات‌و ئەتۆی ئاوا دی ناتبا بۆ جووت کردن.

بەیانی ڕۆژی دوایی وەرزێڕەکە هات‌و پێی سەیر بوو کە گایەکە گیایەکەی نەخواردووەو نوستوە.

کەوای دی گایەکەی نەبردو لە جیاتی ئەوکەرەکەی برد بۆ نێو زەوی‌و بە درێژایی ڕۆژێ جووتی پێ‌کرد. کەرەکە زۆر شەکەت‌و ماندوو ببوو، دانیشت‌و بیری کردەوە کە چی بە گایەکە بڵێ‌و خۆی ڕزگار کا.

گا کە دیتی کەرەکە زۆر شەکەتە پێی گوت: کەیف‌و حاڵت چۆنە براکەم؟

کەرەکە گوتی : ئەمن زۆر باشم، بەڵام گوێم لێ بوو وەرزێڕەکە بە ژنەکەی دەگوت ئەگەر گایەکە هەروا نەخۆش بێ تا ئەمردووە دەیبەینە لای قەساب با سەری ببڕێ.

گایەکە لە ترسان زوو هەستا‌و گیایەکەی هەموو خوارد، بۆ بەیانی بە کەیف خۆشی وە پێش وەرزێڕکە کەوت‌و چوون بۆ نێو زەوی.

کەرەکەش بە ئاسوودەیی پاڵ کەوت.



وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: ئەمام خوسرەوی

## مەتەڵ بۆ دنیای منداڵان

ئەمن چیم؟

١ ـ بەرزم وەك چنار، ترشم وەك هەنار، سەوزم وەك خەیار.

٢- سەرەتا چوار پای هەیە، دوای دووپای هەیە، لە کۆتاییدا دەبێتە سێ‌پا.

٣- ئەشکەوتێکە، مارێکە، سی‌و دوو بەچکەی هەیە؟

٤- لەپێشدا کلکی هەیەو بێ‌پایە، دوای پای هەیەو بێ‌کلکە؟

**هانا ناسری**

## ڕەنگی بکە



## ڕەنگی بکە



**منداڵی ئازیزا! بە دڵی خۆت نەققاشی بکێشەوەو ڕەنگی بکە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نەققاشی یەکانی "دنیای منداڵان"



پەرستو کانی سیرانی



سیفەر موکەرەم



سیروان قەوی پەنجە



حەتەم جەهانگیری



گریلا عێززەتی



سیتاف هیوا



مێهدی مەحموود زادە



سەبا فەلاحی



سۆران محەممەد خدر



پەشێو تەبەرزە



نزار عەزیزی



شادی مەحموود زادە



ئاکام نستانی



شکار دروودگەر



چریکا مەعزووری



زانیار یاگدار



ژالە قادری



زانا سیفوری



سروشت مووساپور



گلارە ئوستاد رەحمانی



نەرمین ئۆرەنگیا



شیودن [illegible] قادر



[illegible] ئیبراهیمی



دیار ئەلاوەیسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

# "دنیای منداڵان" له زمان منداڵانه‌وه

☸ناوت چیه؟
ژینۆ ئیبراهیمی



ژینۆ گیان، تۆ کام بەشی دنیای منداڵانت پەدله؟
چیرۆکەکانیم پەدلە، بەڵام هەرهەمووشی دەخوێنمەوە
☸کچی جوان دەکرێ خۆت بناسێنی؟
مـن مارینـا باپـیری، پـۆلی یەکەمی سەرەتاییم.



مارینا خانم تـا ئیستا "دنیـای منالان"ت دیوه؟
بەڵێ، هەموو جارێ دەیبینم.
زیاتر حـەزت لـه کـام بەشی "دنیای منداڵان"ه؟
حـەزم لـەو وێنانەیـه کـه رەنگیـان دەکـەین و لەگـەڵ چیرۆکەکان.

بوونی "دنیای منداڵان" هەیه؟
پێم خۆشە زوو زوو دەربچێ و هەموو لاپەرەکانیشی رەنگی بن.
☸خـۆت بـه دنیـای منـداڵان بناسێنه.

من خاوەن قادرزادەم



خاوەن گیان تا ئیستا بەرهـەمت بۆ دنیای منداڵان ناردووه؟
بەڵی هەم چیرۆکم ناردووه هەم وەڵامی مەتەڵ
تۆ کام بەشی دنیـای منـداڵان زۆر دەخوێنیەوه؟
زۆرتـر چیرۆکـەکانی شیعرەکانیشی هەر دەخوێنمەوه.
☸دەکـرێ خـۆت بـه دنیـای منداڵان بناسێنی؟
شکار دروودگەر



زۆرتـر کـام بەشـی دنیـای منداڵان چاو لێدەکەی؟
نەققاشیەکانی
چ قسەیەکت بۆ منداڵان هەیه؟
هـەر هـەموویان شـیعرو نەققاشـی بـۆ دنیـای منـداڵان بنێرن و ئێوەش مش بڵاوی کەنەو،
☸ ناوت چیه؟
گریلا عیززەتی
گریلا گیان، کام بەشی دنیـای منداڵانت خۆش دەوێ؟
بەشی نەققاشیەکانی
باشـه تـۆ پـەیامێکت بـۆ منداڵانی کوردستان هەیه؟



پێم خۆشە دەرسەکانیان چاك بخوێنن تا لەئاخری ساڵ دەربچن.
☸ناوت چیه؟
دیمـەن خنکـالیم و پـۆلی شەشەمم.
دیمـەن دنیـای منـداڵان چۆن دەبینی؟



زۆر زۆر باشـه. بائێمـەش سپاسـی ئێوه بکـەین کـه ئـەم گۆڤارەمان بۆ دەر دەکەن
دیمەن گیان، چ پەیامێکت بۆ هاوتەمەنەکانی خۆت هەیه؟
سـەرکەوتنیان بـەئاوات دەخـوازم. هیـوادارم هـەموو ساتەکانیان بـه خۆشـی بەرنـه سەری.
☸ ناوت چیه؟
ئاژوان روحمانی



ئاژوان گیان تا ئیسـتا بەرهـەمت بۆ دنیای منداڵان ناردوه؟
نا
جا باشه بـۆ، دنیـای منـداڵان دنیـای خۆتانـه، ئیمـه چـاوەروان دەبین، دیاریمان بۆ دەنێری؟
بەڵی حەتمەن
ئاژوان ئارەزووت چیه؟
ئارەزووم ئەوەیه ببمه دکتور.
☸گوله گیان تۆ ناوت چیه؟
سارۆ ئیسماعیل زاده



سارۆگیان دنیای منداڵانت پەدله؟
ئەری وەڵا، زۆر زۆریش

پەرایەتیی دنیای منداڵان هەیه؟
ئەگـەر دەکـرێ چیرۆکـەکانی زیاتر بێت.
ئـەی چ قسـەیەکت لەگـەڵ هاوتەمەنەکانت هەیه؟
پەس ئەوە کە دەرسـەکانیان بـاش بخوێنـن تـا بـه یەکـەم دەربچن.
☸دەکرێ خۆتمان پێ بناسێنی؟
هانا ناسریم و پۆلی پێنجەمم.



هانا گیان تۆ تـا ئیستا چەند جـار بەرهـەمت لـە "دنیـای منـداڵان"دا بڵاو بۆتـەوه. ئـەو کاتـەی کـه بەرهەمـەکانت بـڵاو دەبوونەوه چ ئیحساسێکت بوو؟
زۆر زۆر خۆشحاڵ بووم، زۆرم پێ خۆش بوو.
هانا ئەگـەر گـەوره بـێ، پێی خۆشه چکاره بێ؟
دەمەوێ ببمه مامۆستا
بژی هانا گیان، مامۆسـتایەتی ئەکێکی زۆر پیرۆزه.

**گوله جوانه‌کان! له نووسینو نه‌ققاشی کردن سڵ مه‌که‌ن، بنووسن، بکێشه‌وه‌و بینێرن**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## "گوڵ"

( پێشكەش بە دنیای منداڵە
خوێن شیرینەكانی كوردستان)

ئەی منداڵی خوێن شیرین
گوڵێكم جوان و رەنگین
لە باخچەی ماڵی ئێوە
لەو دەشت و دەرو كێوە
سەرم لە خاك دەردێنم
خەفەت لەدڵ دەرفێنم
نەكەی لقم بشكێنی
ریشەی دڵم دەربێنی
كاتێ دەكەی پەلەزیقان
لە نێو باخچەو دارستان
نەشكێنی لق و چرۆم
منیش ناسك وێنەی تۆم
ئەگەر من پێشێل بكرێم
ویشك دەبم و دەسیسێم
من بۆ ئاشتی دوو منداڵ
بۆیان دەكەم گروگاڵ
من بووكی نێو نزارم
جوان و شەنگ و لەبارم

شەریف- فەلاح (هێزا)

## ئێمەی منال



ئاراز عەزیزی
پۆلی شەشەمی سەرەتایی
قوتابخانەی ئازادی

ئێمەی منال بێ پەروا
لەبیر ناكەین ناوی خوا
پاك و بێگەرد و بێ وەین
بۆ جوانی هەموو شێوەین
ئێمە فریشتەی ئاشتین
وەك چۆلەكەی بەهەشتین
تاسەی ژینی بەختیارین
هەر وەك ئەستێرە دیارین
ئێمە وریاو سەر بەستین
پشت بە خۆمان ئەبەستین
ئەبێ تێكۆشین هەموو
چەوتی ئەهێڵین بە موو
یەكگرتن مەبەستمانە
سەركەوتن ئاواتمانە
دادپەروەری وەك تاجە
خۆشەویستی ئامانجە.

سەرچاوە: جگەرگۆشەكان

## قوتابخانە

قوتابخانە زۆر خۆشە
مەڵبەندی بیرو هۆشە
جێی فێر بوونی ژیانە
مەیدانی تێكۆشانە
منیش قوتابی ژیرم
خاوەنی هەست و بیرم
رێزی مامۆستا دەگرم
پێم بڵێ بمرە دەمرم
كاتێ وانە وەكوو گوڵ
ئاگادارم بە گوێ و دڵ
چیم نەزانی دەپرسم
لە رەخنەی كەس ناترسم
دەخوێنم تا تێدەگەم
لە ئەنجامدا پێدەگەم
بۆ پاشە رۆژی وڵات
دەبم بە چرای ئاوات

دیاریی ژیلا مورتەزازادە،پۆلی یەكەمی سەرەتایی



ئاكام قادری

ئاكام و ئالان قادری بە دوو قۆڵی ئەم شێعرەیان بۆ ناردووین و دەڵێن كە باوكیان (كاك ئەحمەدی قادری) خاوەنی شێعرەكەیە و ئەویش پێشكەشی كردووە بە منالانی ئاوارەو منالە چاوگەشەكانی كوردستان.

## منالانی كوردستان

چاوگەش، رەزا سووك و جوان
منالانی كوردستان
منال گەلێ بەبیرن
وریاو زیتۆڵەو ژیرن
دڵ نەرم و ئاشتی خوازن
كۆرپەی ئەوین و نازن
دژی ئاژاوەو شەڕن
كۆتری سوڵحن بێ زەڕن
بۆ ئاشتی تێدەكۆشن
تاڵی و سوێری دەنۆشن
پەریوەی شاخ و هەردن
بۆ دروژمن داخ و دەردن
ئەستێرەی ئاسۆكەڵن
هیوای دوارۆژی گەلن
وەكوو بولبول دەخوێنن
مژدەی ئازادی دێنن

## زقستانا سار



گەلی زارۆكان وەرن
ل ڤێ شیرەتێ گوهدار بن
زقستان وەرزەكێ سارە
بێ پەرێنیش و ئازارە
خۆ بپارێزن ژ سەرمایێ
دا هوین نەكەڤنە تایێ
بایێ سار ل زقستانا
ل گەل بەفرو بارانا
پەیدا دكەن ئێش و ژان
مە هەوجەد دكەت دەرمانان
دەما دچن قوتابخانێ
ل هەر سێ هەیڤێن زقستانێ
هشیار بن خۆ سار نەكەن
جلكێن گەرم ل بەر كەن
ل بەر كەن گۆرەو پێلاڤا
ل سەركەن كوم و كولاڤا
پارێزن سەرو چاڤا
دا سڕ نەبەت هناڤا

دیلان قادری، پۆلی سێیەمی سەرەتایی ـ ژێدەر: سڤۆرە

## گەوەكەم

گەوەكەم مات و كزە
بێزارە لەم قەفەزە
زۆری پێخۆشە بفرێت
بۆ سەر شاخان باڵ بگرێت
بخوێنێ بە سەربەستی
رزگار بێت لە ژێر دەستی
بەرەڵای دەكەم بەخوا
باچێت خەفەت نەخوا

شكار هیوا عەبدوڵا پۆلی دووەم ، سەرچاوەكەی نازانم

چوومە سەر ئەگڵ ئە بەردێكی
هەرام كردە ئە ژن ئە پیاوێكی
گوتم هۆ ئە ژن ئەپیاو
ئەو ئەكەر ئەمایەنەی دەرگە
لەو ئەگەم ئەجۆیەی.



كامیار حەسەنپوور

**منداڵی ژیرو ئاقڵ، هەمیشە پاك و خاوێنی خۆی و شوێنی ژیانی دەپارێزێ**

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



## باری سووك!

کابرایەکیان دی کیسەیەکی لە سەر پشتی داناوەو سواری کەرێك بووە. لێیان پرسی بۆچی کیسەکە لەسەر کەرەکە دانانێیت؟

گوتی دروست نییە بۆخۆشم سواری کەرەکە ببمو بارەکەشی لەسەر دابنێم.

## سێوی شیرین

جارێك کابرایەك بە کوڕەکەی گوت بچۆ بازاڕ سێوی شیرین بکڕە. کوڕەکەی دوای سەعاتێك گەڕایەوە. کابراکە تماشای سێوەکانی کرد دیتی کە سێوەکان هەموویان گازیان لێ گیراوە.

کابراکە بە کوڕەکەی گوت: بۆ هەموویان گازیان لێ گیراوە؟

کوڕەکەی گوتی ئاخر ئەگەر گازم لێنەگرتنایە نەمدەزانی شیرینن یان نا.

**رێباز فەللاحی پۆلی شەشەمی سەرەتایی**

## "کتك و کەڵەباب"





کتکیکی سپڵە خۆی واپێشان دەدا نوێژکەرەو ترسی خوای لە دڵەو هەردەم ئیتاعەتی دەکا. ڕۆژێکیان پشیلە کەڵەبابێك دەگرێو پێی دەڵێ بەمن ناڵێی تۆ بۆ ئەوەندە لە خوانەترسی؟ بۆ خودای خۆت ناپەرەستی؟ دەزانی بەرامبەر خولای خۆت گەلێ کەمتەرخەمیت کردوە؟ کەڵەباب لە وەلآمدا وتی من خزمەتی هەموو ئادەمیزاد دەکەم بەیانیان زوو لە خەویان هەڵدەستێنم تاوەکوو نوێژی بەیانیان بکەنو کڕنۆش بۆ خودا ببەنو بیپەرستن.

پشیلە وتی: ئاخر لەبەر ئەو بەدکارییەتە من دوژمنایەتیت لەگەڵ دەکەم بۆ بەم بەیانییە زووە لە خەوی خۆشو شیرین وەخەبەریان دێنی؟ تماشای بۆ ئەو بەدرەفتارییەی خۆی تەپلی لێدەدا. دەڵێی کاری چاکی کردووە، بەر لەوەی کەڵەباب وەلآمی بداتەوە کتك پڕی دایەو خواردی.

**شاروخ محەمەد پەناهی ، پۆلی چوارەمی سەرەتایی، ناوەندی ٢**

# ئینشای قوتابییەك

مرۆڤ لە سەرەتای ژیانی دا توانی بە زمان لە یەکتر حاڵی بێ، پاشان هەندێك نیشانەی دیاری کرد. بۆ ئەوەی بیرۆکەکانیان بۆ منداڵەکانیان بهێنێتەوە لە سەر بەرد دەیاننوسی، بەرە بەرە کە شار دروست بوو، مرۆڤی زانا پەیدا بوو و، هەندێك نیشانەی نووسین دیاری کراو دواتر پیاویکی زانای ئاڵمانی بە ناوی گوتێنبێرگ پیتی چاپی دروست کرد، لە دوای ئەو هەموو پێشکەوتنە کتێب دروست کرا.

کتێب بۆ مرۆڤ پێویستە،کتێبی جۆراوجۆر هەیە وەك: زانستی، چیرۆك، کتێبی قوتابخانە. لە کتێب رۆشنبیری فێر دەبین و مرۆڤ ئەو شتەی پێویستی پێیەتی لە کتێبدا نوسراوە، کتێب لە هەموو کاتێکدا هاوڕێی ئێمەیە.

من لەو ئینشایەدا دەمهەوێ شتێك بە هاوڕێکانم بڵێم کە بێجگە لە کتێبی قوتابخانە کتێبی تریش بخوێننەوە.

**تێبینی: ئەم ئینشایەم بۆ قوتابخانە نووسیو ماموستا ئافەرینی پێ گوتم، منیش وام پێ باش بوو بۆ دنیای منداڵانی بنێرم بۆ ئەوەی هاوڕێکانم بیخوێننەوە.**

**ئاریاکۆ رەحیمی**

# بۆق و چێڵ

ڕۆژێ بۆقێك لە ناو مێرگێك دا گەمەی دەکرد، چێڵێکی دیت دەیقوڕاند. بۆق بە چێڵی گوت: تۆ مەزنیو ئەز بچووکم، بەلآم دەنگی من لە دەنگی تۆ خۆشترە.

چێڵ گوتی: من شیرو ماستو نڤیشکو پەنیرم هەیە، چەرمی من بۆ مەشکەو پێڵاو بەکار دێت.

بۆقەکە پێی پێکەنیو گوتی قڕ قڕ من ستران بێژی ئەو مێرگەم لە ڕاوە مێشو پێشکەدا گەلەك ئازام.

چێڵ گوتی: کەواتە ئێمە هەردوو بەسوودین.

**زەمەن بەهاری**

**گەورەکان دەتوانن بە بابەتی پەروەردەییو فێرکاری، یارمەتیی "دنیای منداڵان" بدەن**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چڵی دار بەڕوو



دارشکێنێک چەند ڕۆژ بوو بێکارو فرمان ڕای دەبوارد چونکە دەسکی تەورەکەی شکابوو، لە بەر بێکاری گەلێ پەستو دلگیر بوو، بۆ پەیداکردنی دەسکی تەورەکەی ڕووی کردە دارستانێک بۆ ماوەیەک لە نێویدا سورایەوەو خولیدا تا ماندوو بوو و لە ژێر دار بەڕوویەکدا دانیشت تا ماندوو بوونی خۆی بحەسێنێتەوە. لە پاش ماندوو حەسانەوە هەستاوە سەرپێیان و بۆ چەند جارێک لە دەوری ئەم دار بەڕوویەکەی لە ژێری دانیشتبوو سورایەوە. دار بەروو لە مەبەستی هاتوچۆی دار شکێنەکە تێگەیشت لە ترسی ئەوەی دار شکێن پارچە پارچەی نەکاو ڕەگو ڕیشەی جودا کردەوەو دای بە دار شکێن. دارشکێنی ناڕاستو بێ مرووەت چڵەکەی وەرگرتو کردییە دەسکی تەورەکەی‌و خستیە کارو خەریکی بڕینەوەی دار بەڕووەکە بوو. دار



بەروو لەبەر ئازاری بڕینەوەی هاواری دەکردو دەیگوت: چەند هیلاک بووم‌و زەحمەتم کێشا چلێکم پەروەردە کرد کەچی ئێستە بۆتە ئامرازو کەرەستەی دوژمن‌و ڕیشەی خۆم لەبن دەردێنی.

**شەهریبان محەممەد پەناهی**

**پۆلی سێهەمی سەرەتایی ـ ئاوەندی٢**

# کچی هەژیرو کوڕی پاشا



یەکێ‌بوو یەکێ نەبوو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبوو، لە دنیای پادشاکاندا کچێک بوو بێ‌پشتو پەنا، زڕدایکی هەبوو، زڕدایکەش بۆخۆی سێ کچی هەبوو، ئەو زڕدایکە زۆر دەگەڵ کچەکە کە ئێوی" بەفرین" بوو خراپ بوو. لێی دەدا، سەجبوری دەکرد هەموو کارەکانی ماڵەوە ئەنجام بدا. ڕۆژێک کە جەژنی لە دایک بوونی کوڕی پادشا بوو، ئیزنی لە زڕدایکی خواست کە بچێتە جیژنی لە دایک بوونی کوڕی پادشا. ئەویش گوتی: بەفرین دەتوانی بیی بەمەرجێک هەموو کارەکانی ماڵەوە ئەنجام بدەیت. "بەفرین" تەواوی کارەکانی کردو دەیهەویست سواری گالسکە ببێ، زڕدایکی پالیکی پێوەناو بەربۆوەو جلەکانی پیس بوون. ئەویش زۆر گریاو گەڕایەوە بۆ ماڵ. لەوکاتەدا فریشتەیەک پەیدا بوو، بەفرین گوتی دەتوانی کارێکم بۆ بکەی؟ ئەویش گوتی بەڵێ دەتوانم. ئەویش پێی گوت بم بە بۆ جەژنی کوڕی پادشا. ئەویش گوتی ئاسانە، بەفرین گوتی خۆ هیچ جل‌و بەرگم نیە پێی بچمە جەژنی کوڕی پادشا، فریشتە هەموو شتێکی بۆ ئامادە کرد، ئەویش چوو بۆ جەژن. بابی کوڕە پادشا هات‌و گوتی کوڕی من لە ناو ئەو هەموو کچە بۆخۆت هاوسەرێک هەڵبژێرە، کوڕی پادشا هەرچی گەڕا نەیتوانی یەکێک هەڵبژێرێ. لە ناکاو چاوی بەو کچە کەوت. گوتی ئەوەم دەوێ. ئاوێک لەگەڵ کچە پێکەوە بوون پاشان، دەنگی زەنگێک هات. کچەکە هەڵات، لینگێکی کەوش لێ بەجێ‌ما.

کوڕە پادشا لینگە کەوشەکەی هەڵگرتەوە، هەرچی گەڕا کچەکەی نەدیتەوە. پاشان چۆوە ماڵی کچەکەو زڕدایکەکەی. بەڵام زڕدایکەکەی نەیدەویست کچە بێکەس‌و کارەکە نیشانی کوڕی پادشا بدا. ئەویش کچی زڕدایکەکەی نەدەویست. چونکە لینگە کەوشەکە بۆ قاچی هیچکامیان نەدەبوو. لەپڕ دەنگێک هات "ئەوەتا کچێکی دیکەش لێرە دایە". زڕدایکەکە کچەکەی زیندانی کردبوو. کوڕی پادشا دەستی کچەکەی گرت‌و بردی مارەی کردو ئیر پێکەوە ژیانیان بردەسەر.

**ئەژین بەهرامی**

## ئالبۆمی "دنیای منداڵان"



ژیلەمۆ تیکجوویان



نەسیم کانی سیران



ئالان قادری



ڕێوەز فەلاحی



جاوان ڕەسوولی



دیار مستەفایی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org